# چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەی «کوردستانی نوێ»
# دەربارەی عەلمانییەت

**پرسیار: عەقلانییەتی ڕۆژئاوا لەگەڵ ساتەوەختی لەدایکبوونییەوە هەوڵدەدات ئایین وەکو سیستمێکی دنیای لە ژیان بکاتە دەرەوە، لەسەر ئەو کەلتوورە میتافیزیکییەوە کەلتوورێکی دونیایی بەرهەمدەهێنێ کەدەستکردنی ئینسان خۆیەتی، واتە کەلتوورێک کە لەسایەیدا چیتر ئینسان پێویستی بە خودایەک نییە تا هەموو شتە گەورەو بچوکەکانی بۆ دیاری بکات یان ڕوون بکاتەوە. لەبری ئاسمان ئیدی عەقڵ بووبە خاوەنی دواقسەو ڕێکخەری کۆمەڵگا لە هەموو ئاستەکانی سیاسی و کۆمەلایەتی و ئابوری. ئەم گۆڕانە چۆن ڕویدا؟ جومگە سەرەکییەکانی ئەم شەپۆلە چین؟**

بەختیار عەلی: بۆ قسەکردن لەسەر ئەو گۆڕانکارییە دەبێت قسە لەسەر کولتوورێکی فیکری و فەلسەفی درێژبکەین، دیارە وەڵامی پرسیارێکی لەوجۆرە و بەو درێژییەی کە پێویستە لەدەرفەتێکی وەها کورتدا نادرێتەوە، لێرەوە ناچارم وەڵامەکەم کۆبکەمەوەو لەسەر چەند تەوەرێکی گرنگ بوەستم.

دیارە سەرەتا بۆ ئەوەی لە مانای عەلمانییەت تێبگەین دەبێت سێ جۆرە مانای ئایین دەستنیشانبکەین، چونکە بەبێ ئەو دەستنیشانکردنە ئەستەمە بتوانین لە پەیوەندی نێوان ئایین و عەلمانییەت و ململانێکەیان تێبگەین، ململانێیەک بە بڕوای من تا ئەم ساتە لە ناو خودی خۆرئاواو لە کۆی کولتوورەکانی دیکەی دەرەوەی خۆرئاواشدا کێشەیەکی بنبڕکراو نییەو مەسەلەیەک نییە لە ڕابوردوودا ڕویدابێت و ئێستا بوونی نەبێت. جۆری یەکەم لە ئایین، ئەو جۆرە حوکمڕانییە ئایینیە دەگرێتەوە کە بە شەریعەتێکی ئاسمانی نەگۆڕەوە، حوکمدەکات و دەستدەخاتە هەموو کاروبارەکانی دونیاوەو پێیوایە کە دەبێت ئاسمان حوکمی زەوی بکات و زەوی جگە لە شوێنی پراکتیککردن و سەلماندنی شەرعەکانی ئاسمان هیچی تر نییە. ئەمە سروشتی حوکمی دینییە بەشێوە فەندەمەنتال و کلاسیکییەکەی. ئەوجۆرە حوکمەیە لەسەردەمێکدا لە خۆرئاوا عەلمانییەت بە پاشەکشێ و گەڕانەوەی بۆ ناو کڵێسەکان ناچاریدەکات.

جۆری دووەم. ئەو جۆرە ئاینەیە کە ئیش لەسەر ڕەهەندە ڕۆحییەکانی فەرد دەکات، سەرچاوەیەکی ڕۆحانییەتە بە مانا ئیجابییەکەی «دیارە ڕۆحانییەت جگە لە دین گەلەک سەرچاوەی گەورەترو گرنگتریشی هەیە». جۆرە پردێکی تایبەتییە لە نێوان کەسی ئیماندارو خودادا. ئەمجۆرە ئاینە هێندەی تەفسیر بۆ فەردەکان دابیندەکات، هێندەی ئاسوودەییەک دەبەخشێتە ئیمانداران، هێندەی دەرگایەکی سۆفیانەیە بۆ پەیوەندیکردن بە دونیاو ئاسمانەوە، یاسایەکی زۆرەملێ نییە بەزۆر وەک تەوقێکی ئەبەدی بکرێتە ملی هەموو کەسێک و بکرێتە ئەستۆی هەموو ئان و زەمانێک. دیارە دەشێت ئێمە ئەوجۆرە ڕۆحانییەتە ڕەتبکەینە، دەشێت ئەو ئاسوودەییەی کە ئەو جۆرە ئیمانە پێشکەشیدەکات بە ئاسوودەیی خۆمانی نەزانین، یان دیدمان بۆ ئاسوودەیی و ڕۆحانییەت خاڵی بێت لە هەر ڕەهەندێکی میتافیزیکی و غەیبی، بەڵام عەلمانییەت لە مۆدێلە لیبراڵەکەیدا بەهیچ جۆرێک شەڕکردن نییە لەگەڵ دیندا لەم ئاستەدا. عەلمانییەت دابڕانی ئاینە لە دەستێوەردان لە سیاسەت و یاساو تەشریعات، بەڵام دابڕاندنی فەرد نییە لە خودا، لێرەوە عەلمانییەت دەرکردنی ئایین نییە لە کۆمەڵگا «چونکە ئەو جۆرە دەرکردنە دەرکردنێکی بێهودەیە، دەرکردنێکە بە ستەم و زوڵمکردن لە دینپەروەران تەواودەبێت»، یان دەرکردنی دین نییە لە ژیان وەک بەڕێزتان دەڵێن، بەڵکو دەرکردنێتی لەدەستەڵات، دوورخستنەوەی دین نییە لە فەرد، بەڵکو دوورخستنەوەیەتی لەوەی ببێتە هێزێکی ستەمکارو خۆسەپێن و بڕیاردەر بۆ هەموو ژیان.

جۆری سێهەم. ئەو جۆرە دینەیە کە شێوە ناسراوو ئاساییەکانی دین لەخۆناگرێت، بەڵکو دینە لە شێوەی کۆمەڵێک سروت و عیبادەتی تردا کە شوێنی ئاینە ئاسمانییەکان دەگرنەوە. لەڕۆژگاری پۆستمۆدێرنەدا ئاین

شێوەی خۆی دەگۆڕێت، عیبادەت تەنیا بۆ خودا ناکرێت، سروتە دینییەکان تەنیا نوێژ نین بۆ خوداو پێغەمبەرەکان، بەڵکو عیبادەتی دیکەو سروتی دیکە کە هەمان وەزیفەی دینیان لە دونیای کلاسیکدا هەیە دێنەپێشێ. ئایین بەماناکانی جاران دەچێتە کزی، بەڵام عیبادەتی ماشێن و عیبادەتی ئەو ڕەمزانەی میدیاو هۆکانی ڕاگەیاندن لە هیچ دروستیاندەکەن برەوێکی گەورە بە خۆیەوە دەبینێت. دیارە ئەمجۆرە دەرکەوتە دینیانەی دونیای نوێ، لەسروشتیاندا لەئاینە یەکتاپەرستەکان جیاوازن، ڕیشەیان لە ئایینە زۆر دێرین و سەرەتاییەکاندا قووڵترە، نەوەک لە مەسیحییەت یان ئیسلام یان ئایینی جوودا. عەلمانییەت دژایەتیکردنی ئەم دەرکەوتە دینییانە نییە، هێندەی لەوانەیە فەزایەکی ئازادبێت بۆ گەشەکردن و پراکتیکی ئازادانەیان. لێرەوە برێک لە دیدو تێگەیشتنی تایبەتی بۆ دین هەیە، تەنیا لە سایەی عەلمانییەتدا گەورەدەبێت و دەتوانێت تەعبیر لە خۆی بکات. گەر وردتر سەیربکەین دەوڵەتی دینی ناتوانێت ئازادی ئایینی بەهەمان ئەندازەی دەوڵەتی عەلمانی بپارێزێت. دیارە کەوا دەڵێم ئەوەم لەبەرچاوە ئەمە حوکمێکی موتڵەق نییە، هەندێ سات و کات هەن لە مێژووی ئیمپراتۆرییەتە ئیسلامییەکاندا تەساموحی ئایینی دەبینرێت، ئەگەرچی لە ناو خودی دونیابینی ئیسلامییدا ئایینەکانی تر تەنیا کاتێک بۆیان هەیە ئاینی خۆیان بپارێزن کە باجبدەن و ملکەچی کۆمەڵێک مەرجی توندی دیکە بن، ئەو یاسایانەش کە تایبەتە بە حەڵاڵکردنی موڵک و ماڵ و عەورەتی کافران لە هەندێک قۆناغدا هیچ بوارێکی بۆ ئازادی ئایینی نەهێشتۆتەوە. لێرەوە عەلمانییەت لە کۆمەڵگا فرە دینییەکاندا دەروازەیەکی گرنگی پاراستنی ئازادی ئاینە. تەماشای ئەو گۆڕانکارییە ترسناکانە بکە کە ئێستا لە هنددا ڕوودەدەن. عەلمانییەتی هیندی هەمیشە مۆدێلێکی گەشەسەندوو و گرنگ و نمونەیی بووە بۆ عەلمانییەکان، بەڵام کە هیندۆسێکی فاشیستی وەک فاجبای دێتە سەرکار، کە حیزبێکی ئایینی توندڕەو دەسەڵات دەگرێتە دەست، بەرەنجامەکەی ئەو قەسابخانە ترسناکانەیە کە لە کۆجارات ڕوودەدەن. ئەو ڕەفتارانەی تاڵەبان دژ بە هیندۆسە ئەفغانەکان کردیان، ئەو ڕەفتارانەش هیندۆسەکان لە هیندوستان دژ بە ئیسلام و خەڵکی موسڵمان دەیکەن باشترین بەڵگەن کە دەوڵەتی دینی، دەوڵەتی دینێکە دژ بە دینەکانی تر، دەوڵەتی جۆرێکە لە عیبادەت دژ بە شێوەکانی تری عیبادەت. ئەوەی ئەمڕۆ ئیسرائیل و فەلەستینییەکان ناتوانن پێکەوەبژین، لەیەکێ لە جەمسەرەکانیدا دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە دەوڵەتی ئیسرائیلی لەهەندێک ڕەهەندیدا دەوڵەتێکی دینییەو ناتوانێت دەستبەرداری هەندێک لە ئەفسانە دینییەکانی خۆی ببێت و بەودیویشدا لەدیدی گروپگەلی وەک حەماس و جیهاددا جووەکان میللەتێکی بەرازن، قسەکردن لە ماقی ژیان و ئازادی و عیبادەت بۆ ئەوان مانەیەکی نییە، تاکە ڕێگایەک بۆ دیالۆگ لەگەڵیاندا ئەوەیە پشتێنێک تی ئێن تی لە خۆت ببەستیت و لە ناوەڕاستی ژن و منداڵەکانیاندا خۆت بتەقێنیتەوە. ئەگەر ئەو ڕاستییانە لەبەرچاوبگرین دەبینین عەلمانییەت لە مۆدێلیکیدا چەوساندنەوەی ئایین نییە، بەڵکو بەرگرتنە لە چەوساندنەوەی ئایینی. ئەمجۆرە عەلمانییەتە دەبێت لەو جۆرە جیابکەینەوە کە پێیوایە لە ڕێگای داخستنی مزگەوت و سووتاندنی کەنیسەوە دەتوانێت ڕێگا بە ئایین و ئیمان بگرێت. لەم دیدەوە گەر تەماشابکەین لە جەوهەردا دوو جۆر لە عەلمانییەت هەیە، یەکێکیان عەلمانییەتێکی تۆتالیتارە کە دەیەوێت ئایین لە کۆمەڵگا دەربکات، خودا وەک فیکرەیەک لەزهنی مرۆڤەکان بسڕێتەوە، ئەوی دیکەیان عەلمانییەتێکە هەموو مافەکانی مرۆڤی دینی لە ئازادی عیبادەتەوە بۆ ئازادی هەڵبژاردنی ئایین دەپارێزێت و لەسەر کۆمەڵگایەک کاردەکات ململانێیەکی خوێناوی لە نێوان ئیمانداروبێئیماندا تیانەبێت. ئەمجۆرە عەلمانییەتە لەسەر کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایین کاردەکات.

دیارە ئەم جیاکردنەوەی جۆرەکانی دین لە جۆرەکانی عەلمانییەت وێستگەیەکی گرنگە بۆ قسەکردن لە سەرچاوەکانیش. سەرچاوەی عەلمانییەتی ئەورووپی جگە لە ڕیشە فیکری و فەلسەفییەکان گەلەک هۆی گرنگی هەیە کە بەمجۆرە کورتیاندەکەمەوە.

١. شۆڕشی پیشەسازی جگە لەوەی دوو چینی گرنگ و گەورەو نوێی دروستکرد کە پرۆلیتاریاو بۆرژوازییەت بوون. هاوشان بە گەشەی خۆی ڕیزێک نوخبەی تازەی لە کۆمەڵێک بواری ژیاندا هێنایە مەیدان کە لەسەردەمانی کلاسیکدا بوونیان نەبوو. لەم نوخبە تازانەدا هێزگەلێک دروستبوون کە کاریگەرییان لەسەر ژیان و لەسەر ڕای گشتی لە کاریگەریی پیاوانی ئایین بەهێزتر بوو. پیشەسازی وەک کۆمەڵگایەکی فرەکار، چەندەها هەلاوێردی کۆمەلایەتی دیکەی دروستکرد لەوانە، تەکنیککاران ، ئەکادیمیکەکان، ئاموزشکاران، کادێرانی ڕۆژنامەگەری کە وەک هێزێکی گرنگی دروستکردنی ڕاو مۆراڵی گشتی هاتنە مەیدان. ئەم گۆڕانکاریانە فەزایەکی نوێی ژیانی دروستکرد کە پیاوانی ئایین شوێنێکی گرنگیان لەو فەزایەدا نەبوو، ئەو نوخبە تازانەی پیشەسازی چاپ و ئاموزش و پەروەردەی نوێ دروستیکردن تەنیا نوێنەری جۆرە دنیابینییەکی تازە نەبوون، بەڵکو هێزێکی تازە بوون، گەشەی پیشەسازی و تەکنیک بەوانەوە گرێدرابوو. دونیای نوێ هێزگەلێکی ئاشناو کارکردو عاشق بە تەکنیکی دەویست، نوخبە دینییەکانی ئەو سەردەمە کە هێشتا لە ناو ئەدەبیاتی لاتینی و تێکستە دینییە کۆنەکاندا نوقم بوون، ئاشناییەکیان لەگەڵ ئەو جیهانە تازەیەدا نەبوو. ئەو فشارە دوورو درێژەی دەسەلاتدارە دینییەکان لە خۆرئاوا خستبوویانە سەر حوکمڕان و ئەمیرەکان وایکردبوو نێوانی پادشاهەکان و میرەکان و کەنیسە هەمیشە پەیوەندییەکی خۆش و شیرین نەبێت، زۆرجاریش پڕبێت لە گێژاوی گەورە. ئەمە لە کاتێکدا بۆرژوازییەت فەزایەکی کولتووری دیکەی پێشکەش بە ئەمیرو پادشاهەکان دەکرد، جیاواز لەو کەشوهەوا بیوریتانی و دەمارگیرەی پیاوانی ئایین پێشکەشیاندەکرد. لەم سیستمە تازەیەدا هێزی ئابووری و ڕای گشتی لەدەستی دیندا نەما. خودی ئەم نوخبە بەهێزانە جۆرە دیدێکی دیکەیان بۆ یاساو تەشریعات هێنا جیاواز لەو تەشریعاتانەی لە کەنیسەو پیاوانی دینەوە دەردەچوون.

٢. گەشەی زانست جۆرە تەفسیرێکی دیکەی هێناو جۆرە وێنەیەکی تری بۆ دونیا کێشا کە تەواو جیاوازبوو لە تەفسیری دینی. لەگەڵ گەشەی زیاترو زیاتری زانستدا زۆر لە بنەما گرنگەکانی تەفسیری ئایینی بۆ دونیا تووشی قەیرانی گەورەهاتن. پێشتر ئایین خۆی وەک تاکە سەرچاوەی حەقیقەت نیشاندەدا، حەقیقەتێک لە زاری یەزدانەوە هاتۆتە زمان نەوەک لە زاری مرۆڤەکانەوە. بەلام زانست تەنیا شوێنی تەفسیری ئاینییانەی لەقنەکرد، بەڵکو شوێنی مرۆڤیشی لە ناو کۆی سیستمەکەدا بەهێزکرد و ئەزموونی فەردو عەقڵی فەرد وەک دوو سەرچاوەی گرنگ و باوەڕپێکراوی زانیاری سەلمێنران. پاشەکشێکردنی تەفسیری ئایینی بۆ دونیا مایەی پاشەکشێی دەسەلاتی ئەکلیریک بوو. پیاوانی ئایین نەیاندەتوانی حوکمی دونیایەک بکەن کە چیتر تەفسیرەکانیان نەیدەتوانی بڕوای هیچ نوخبەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی و هیچ هێزێکی چالاکی کۆمەلایەتی بەدەستبهێنێت. یەکێک لە کێشە هەرە گەورەکانی عەلمانییەت لە خۆرهەلاتدا ئەوەیە کە نوخبەی عەلمانی ئەم ولاتانە لە بەر هەر هۆیەک بێت، نەیتوانیوە، چەکی زانست لەبەرابەر تەفسیری ئایینیدا بەرزبکەنەوە... لە دونیای ئێمەدا تا ئەمڕۆ نوخبە ئاینییەکان توانیویانە پێچی گەورە بەدەوری حەقیقەتە زانستییەکاندا بکەنەوەو بواری نەدەنێ لە تەفسیری دونیادا شوێنی تەفسیری ئایینی بگرێتەوە. ململانێی زانست و ئایین لە خۆرئاوادا یەکێکە لەو هۆکارە گرنگانەی عەلمانییەتی ئەوروپی بەهێزکردو سنوورێکی بۆ دەسەلاتی پیاوانی کەنیسە دانا. بەلام لە جیهانی ئێمەدا ئەو ململانێیە دروستنەبووە، لێرەوە تەفسیری ئایینی تا ئێستا لەپاڵ تەفسیری زانستیداو لە ناویدا بە شێوەی جۆراوجۆر خۆی بەرهەمدەهێنێتەوە. بە جۆرێک هەندێجار نوخبەی زانستی دەبێتە نوێنەری تەفسیری ئایینی.

٣. جیاکردنەوەی ئایین لە دەوڵەت، بۆ گەشەی سەرمایەداری پرۆسەیەکی جەوهەری و گرنگ بوو. گەشەی سەرمایەداری ئەگەرچی وەک ماکس فیبەر دەڵێت تا ئەندازەیەکی زۆر ڕیشەکانی لە ناو کولتووری دینی و پرۆتستانتییەتدا بوو، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا گەشەی تەکنیک پێویستی بە ئازادکردنی زانست و فەلسەفەکان

هەبوو. زانستی ئازاد، زانستێک هیچ دادگایەکی تەفتیش زاناکانی تەکفیرنەکات و نەیانسوتێنێت، ئەو زەمینە گرنگ و پێشوەختە بوو کە گەشەی تەکنیک پێویستی پێیبوو. مێژووی ڕەشی کەنیسە لەگەڵ زاناکاندا هۆکارێکی گرنگی هەوڵدان بوو بۆ وەدەستهێنانی ئازادی پشکنین و ئەزموون و دەرەنجامگیری. بەبێ کەمکردنەوەی دەسەڵاتی دین بەسەر دەزگاگەلی گرنگی وەک زانکۆو ئەکادیمییەکاندا ئەو کارە نەکردەبوو.

گەر لەم خاڵەوە ژیانی ڕۆشنبیری و فیکریی خۆمان هەڵبسەنگێنین، ئەو ترسە لە گەڕان و دەرەنجامگیری بخوێنینەوە، ئەو سنووردانانە قووڵە بۆ هەموو ئازادییەکان لە زانکۆو ئەکادیمییەکانماندا لە چاوبگرین، تێدەگەین بۆ عەلمانییەت لە وڵاتی ئێمە یەکێک لە پایە بنچینەییەکانی خۆی دۆڕاندووە کە هەڵقوڵینە لە زانستەوە. گەر کەمێک وردتر بڕوانین دەتوانین بڵێین لە کۆمەڵێک زانکۆی ئێمەو زانکۆکانی خۆرهەڵاتیشدا لە پاڵ زهنییەتی حیزبیدا بە پلەی دووەم زهنییەتێکی ئایینی حوکمی دەزگا زانستییەکانی ئێمەدەکات، ئایین بە مانا سیاسی و زانستییەکەی لەوێدا چەکەرەدەکات، دەرەنجامەکەشی ئەوەیە لەدواجاردا زانکۆکان دەبنە مەڵبەندی گەشەکردن و گەورەبوونی جۆرە فەندەمنتالییەتێکی ئایینی.

٤. دونیای مۆدێرنە دونیایەکی گۆڕدراوە، دونیایەکە هەمیشە لەبەردەم پرسیاری تازەو کێشەی تازەدایە، دیارە بە یاساو شەریعەتێکی نەگۆڕەوە ناکرێت حوکمی دونیایەکی گۆڕدراوبکەیت، دەوڵەتی دینی ناتوانێت تەواو لەگەڵ مۆدێرنەدا خۆی بگونجێنێت. ئەو دونیایەی مۆدێرنە پێشنیاریدەکات و ئەو دونیایەی ئایین پێشنیاریدەکات کەم تازۆر لەیەکدی جودان. دۆگمائییەتی ئایینی زۆرجار ڕێگرێکی گەورە بووە لە نێوان هەرجۆرە سازشێک لە نێوان ئایین و نوێبوونەوەدا. ئەو جۆرە دۆگمائییەتە هەردەم بە قازانجی عەلمانییەت کۆتاییهاتووە، چونکە لە کۆمەڵگای پیشەسازیدا ناکرێت بەر بە نوێبوونەوە بگیرێت، بەڵام دەکرێت بەر بەدەسەڵاتی ئیمان بگیرێت. ناکرێت بەر بە زاناکان بگیرێت، بەڵام دەکرێت بەر بە قەشەکان بگیرێت. لێرەوە عەلمانییەت تاکە زامنی گەشەی کۆمەڵگای تەکنۆلۆژی بوو ... ئەوەی کۆمەڵگاکانی ئێمە تا ئەم ساتە پرۆسەیەکی گەشەی زانستی تیا نییە، ئەم گەشەیە پێداویستییەکانی خۆی بەسەر کۆمەڵگادا نەسەپاندووە، یەکێکە لە هۆکانی دواکەوتنی عەلمانییەت.

٥. دەوڵەتی مۆدێرن بەحوکمی ئەو فەزا تەکنیکییەی تیاگەورەدەبێت، بەحوکمی ئەو پەیوەندییە قووڵەی بە گەشەی تەکنیک و زانستەوە هەیەتی. کەمتر هێزی خۆی لە ئیمانەوە وەردەگرێت، بەڵکو ئەو هێزە لە ماشێنەکان و گەشەی تەکنیکەوە وەردەگرێت. دەوڵەتی دینی بنەما مەعنەوییەکانی خۆی لە ئاسمان و هێزە غەیبییەکانەوە وەردەگرێت، ئەو هێزانەی لەسەروو هەر هێزێکی مادییەوەن، بەڵام دەوڵەتی عەلمانی بنەمای لە ناو هێزە مادییەکاندایە، تواناکانی تەنیا مەعنەوی نین، بەڵکو هەمیشە شاندەداتە سەر هێزگەلێکی بەرجەستە. دیارە ئەمە بە مانای ئەوە نییە کە دەوڵەتی دینی بۆ هێزی مادی ناگەڕێت یان دەوڵەتی عەلمانی بنەمای لە هیچ ئیمانێکدا نییە، بەڵکو بە مانای ئەوەیە کە ئاڕاستەی گەشەی دەوڵەتی عەلمانی ، پەرەدانە بە هێزی ئابووری و مادیی، بەجۆرێک سیستەمێکی داخراو یەکگرتووی ئیمان ناتوانێت ئەو هێزە جیاواز و مەیلە جیاوازانە لەیەک یەکەدا کۆبکاتەوە کە ئەم دەوڵەتە لە پرۆسەی دابەشکردنی کار و دابەشکردنی مەیل و دابەشکردنی ویستەکاندا بە خۆیەوە دەبینێت، کەدواجار بەدابەشکردن و فرەڕەنگکردنی شێوەکانی ئیمانیش دواییدێت.

٦. دەوڵەتی عەلمانی ڕیشەکانی تەنیا لە ناو ئازادکردنی بیرکردنەوە و لێکۆڵینەوەو ڕاڤەکاریدا نییە. بەڵکو لەناو دیدێکی دیکەشدایە بۆ جەستە. ئازادکردنی جەستە بەشێکی دانەبڕاوی پرۆسەی ئازادکردنی بیرکردنەوەیە. هەموو قسەیەک لە ئازادکردنی بیرکردنەوە بەرەو قسەمان دەبات لەسەر ئازادکردنی جەستە، ئازادکردنی بیرکردنەوەش بوونی نییە گەر وەک ئامانج لە ناو خۆیدا ئازادکردنی جەستەی لە خۆ نەگرتبێت. لە ناو دەوڵەتی سەرمایەداریدا ئەم پرۆسەیە ئاستی جۆراوجۆر بە خۆیەوە دەبینێت. لە ساتێک لە ساتەکاندا «لەزەتگەرایی» پرۆسەیەکی شۆڕشگێڕانەیە کە دژ بە بڕوا سیاسی و ئەخلاقی و دینییەکان بەکاردەهێنرێت، لەساتێکی

دیکەشدا بە کاڵاکردنی لەزەتگەرایی، گۆڕینی لەزەت بۆ کاڵا و دروستکردنی پەیوەندییەکی نەپساو لە نێوان «جنس » و «ئابووری» یدا، دەبێتە گۆشەیەکی مادیی گرنگی ئەم کۆمەڵگایە. جەستە بە شێوەی جۆراوجۆر، بە مانای جۆراوجۆر، بۆ وەزیفەی جۆراوجۆر، هەندێکجار زۆر پردەلالەت و مانادار، هەندێکجاریش وەک ڕێگایەکی دیکەی گەشەو کۆکردنەوەی سەرمایە، لە هەناوی مێژووی عەلمانییەتی خۆرئاوادا ئامادەگی هەیە. واتە بەشێکی گرنگی ئەو کولتوورەی عەلمانییەتی ڕاگرتووە و جیایکردۆتەوە لە ئایین و وایکردووە بەرابەر کەنیسە جێپێیەکی بالاتری هەبێت، هەڵوێستی پیاوانی ئایینە لە جنس و لە جەستە. ئەم هەڵوێستەی نەوە لە دوای نەوە ڕەتدەکرێتەوەو بەشێوەی جۆراوجۆر بەر لەوە دەگیرێت کەنیسە جارێکی دی ئەخلاق و مۆراڵی سەدەکانی ناوەڕاست بچێنێتەوە. ناکرێت قسە لە عەلمانییەتێکی سەرکەوتوو بکەین، بەبێ ئەوەی قسە لە وریابوونەوەیەکی گەورەبکەین دەرهەق بە جەستە. یەکێک لە ڕیشە گرنگەکانی عەلمانییەت ئەو دیدە نوێیەیە بۆ لەزەت و لەش کە لەگەڵ مۆدێرنەدا سەرهەڵدەدات. دەوڵەتی عەلمانی لە خۆرئاوا لە قۆناغێکدا خۆی وەک شوراو پارێزەری ئەو ئازادییانە نیشاندەدات، ئەوسا دەتوانێت بەرابەر ئەو وزەو سیحرەی ئایین و پیاوانی ئایین هەیان بووەو هەیانە بوەستێتەوە.

**پرسیار: ئێمەی کورد چۆن دەتوانین باس لە بەعەقلانیکردنی کۆمەڵگای خۆمان بکەین؟ یان چۆن دەتوانین فۆرمەلەی پرۆژەیەک بکەین کە پرۆژەیەکی عەلمانییە؟ واتە پرۆژەیەک باس لە کردنە دەرەوەی ئایین دەکات لە بواری سیاسەت و دەسەلات، جگە لەوەش کاریگەریی پرۆژەیەکی ئاوەها لەسەر ئایینەو ژیانی ئێمە چ دەبێت؟!**

بەختیار عەلی: کێشەکانی عەلمانییەت لە ولاتگەلی وەک ئێمەدا زۆر گەورەیە. مەسەلەکە ئەوە نییە مرۆڤ بڵێت من عەلمانیم و تەواو. گەر بەڕێزتان سەرەنجی وەلامەکەی سەرەوەم بدەیت، تا ڕادەیەک ئاشکرایە دەوڵەتی عەلمانی کاتێک هێزی بەسەر هێزی ئاییندا دەشکێتەوە کە تەفسیری ئایینی لەگەڵەک ئاستی دیکەیدا پاشەکشێی کردبێت و میسداقییەتی خۆی لەدەستدابێت. بەڵام تا ئەم ساتە کۆمەڵگای ئێمە کۆمەڵگایەکە «بە شێوەی جۆراو جۆر» دینییە. بۆیە وشەگەلی بەشێوەی جۆراوجۆرم خستە نێوان دوو کەوانەوە، تا سەرەنجتان بۆ ئەوە ڕابکێشم کە بەراورد بە خۆرئاوا، ئێمە لە شوێنێکی تردا وەستاوین.

دەکرێت شوێنپێی ئایین لە کۆمەڵگای ئێمەدا بخەینە نێو دوو جێگای تایبەتەوە.

١. ئایین بەو مانایەی لە ناو خودی ئایین و هێزە دینیەکان و ناوەندە دینییەکانەوە دێت. ئایین بە مانای دەسەلاتی پیاوانی ئایین، دەسەلاتی مزگەوتەکان، دەسەلاتی قوتابخانە دینییەکان، دواتریش دەسەلاتی حیزب و گروهە سیاسییە دینییەکان. دیارە گەر لە ڕووی کۆمەلایەتییەوە سەیری ئەم پێکهاتەیە بکەیت، پێکهاتێکی فرەجەمسەر و ئاڵۆزە. لەوانەیە مەیلی جۆراوجۆریشی تیا بێت، بەڵام بە کۆ لەوەدا تەبان مەرجەعیەتی ئایین لە تەفسیرکردنی دونیادا وەک خاڵێکی سەرەکی و پیرۆز تەماشابکەن.

٢. سەرچاوەی دووەمی ئایین لە کۆمەڵگای کوردیدا، بریتییە لە ئایین لەدەرەوەی ئایین. ئایین وەک جۆرە دونیا بینییەک کە سەردەمانێکی درێژ هاوڕێی سیستەمێکی باوکسالارییە، هاوڕێی تاک مەرجەعییەت و ئیحتیقارکردنی زانست و ڕێگرتنە لە کۆمەڵگای کراوەو ئیشکردن بۆ سیاسەتی تاک دەسەلات. واتە ئایین بە مانای ئەوە نا، قوتابخانەو زانکۆکانمان تەنیا تەفسیری ئایینی تیا بخوێنرێت، بەڵکو بە مانای ئەوەی ستراکتوری ئەم دەزگایانە هەمان ستراکتوری مەکتەبە دینییەکانیان هەبێت. هەمان شێوەی تەلقینکردنی دینی ئامادەبێت، هەمان سنووردانان بۆ بابەت و بۆ بیرکردنەوەو گەشەو پرسیاری سیاسی و کۆمەلایەتی هەبێت، هەمان فەرامۆشکردنی ئەزموون و تاقیکردنەوەو گومان هەبێت. بەو مانایە نا کە حیزبەکانمان کتێبە ئایینییەکانیان کردبێتە مەرجەع، بەڵکو بەو مانایەی کە تاک مەرجەعییەتێکی دیکە حاکم بێت و شوێنی تاک مەرجەعییەتی دینی بگرێتەوە، دین بە مانای ئەوەنا کە کوڕو کچەکانمان باوەڕیان بە جمهوری ئیسلامی هەبێت،

بەڵکو بە مانای چۆکدادانێکی قووڵ لەبەردەم هەموو ئەو شتانەی مێژوویەکی درێژی پەروەردەی دینی دروستیکردووە. دیارە ئەم خاڵە کەم تازۆر خاڵێکی جەوهەرییەو پێشتر من لێرەو لەوێ قسەم دەربارە کردوە کە لێرەدا دووبارەی ناکەمەوە.

گەر تەماشابکەین عەلمانییەتی ئێمە یەکێکە لە ترسنۆکترین عەلمانییەتەکانی دونیا. ئەم عەلمانییەتە بەرابەر بەو کانگاو سەرچاوانەی دەسەڵاتی دینیان لێهەڵدەقوولێت هیچی پێناکرێت، بە پێچەوانە بەردەوام هەموو ئەم سەرچاوانە بەهێزدەکات. لێرەوە پرۆسەیەکی پێویست هەیە کە دەبێت کاری بۆبکرێت، ئەویش «پرۆسەی بەهێزکردنی توانای کۆمەڵگایە لەسەر ژیان لە ژینگەیەکی عەلمانیدا». عەلمانییەت بەر لەهەر شتێک سیستمێکی سیاسی نییە، بەڵکو سیستمێکی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییە. بەر لەوەی قسە لە عەلمانییەت و ناعەلمانییەت بکەین دەبێت قسە لە توانای کۆمەڵگا بکەین لەسەر عەلمانییەت وە هێزی کۆمەڵگا لەسەر عەلمانیبوون. عەلمانییەت پابەندی گەشەی کۆمەڵێک نوخبەی ترە لەدەرەوەی نوخبەی دینی، دیارە لێرەدا یەکێک هەیە بپرسێت کە مەبەستمان لە وشەی گەشە چییە؟ دوو جۆر گەشە هەیە، یەکێکیان گەشەکردن و گەورەبوونی دەسەڵاتی نوخبەیەکە بەسەر هەندێک ئاستی ژیاندا، ئەوی دیکەیان گەشەی ئەو نوخبانەیە لە ئاستی بەرهەمهێنانی جۆرە فیکرێکدا وەڵامی بۆ نوخبە دینییەکان هەبێت، واتە گەشەدانە بە زانستێک بتوابێت بەرابەر زانستی دینی بوەستێتەوە. لێرەوە دەبێت بڵێم ئەو جۆرە موهاتەراتەی جار جار دەیخوێنینەوە سەبارەت بەوەی هەندێ کەس وادەزانن کە پەلاماردانی شەخسی پێغەمبەران و قسەی دزێوکردن دەرهەقیان یان نوسینی ئەدەبێکی خیلاعی بێئاست دەیانکات بە مۆدێرن و عەلمانی جگە لە بێماناکردنی عەلمانییەت و بریندارکردنی هەستی خەڵکانێکی دی هیچی تر نییە، ئەم موهاتەراتە دەبێت لە زانستێکی دیکەی عەلمانیانە جیابکەینەوە کە کۆمەڵگای ئێمە پێویستی پێیەتی. زانستێک لە رۆحی کێشەو پرسیارەکانی کۆمەڵگای ئێمەوە هەڵقوڵێبێت. دیارە ئەمە بەو مانایە نییە کە عەلمانییەت پێویستی بەهێزی جەربەزەو سنووربەزێن نییە، مانای ئەوە نییە کە دەبێت گوێ لەوانە بگرین کە ئەمرۆ لە کوردستاندا وەک کۆنزەرفاتیڤەکانی سەدەی هەژدەو نۆزدە باس لە پاراستنی موقەدەساتی «ئایین و نیشتیمان» دەکەن، ئەو دروشمەی کە تەواو وەک دروشمی هێزە دواکەوتووەکانی ئەوروپا وایە کە لە دوای شۆرشی فەرەنسییەوە هەڵیانگرتبوو، دروشمی «الله، الوطن، الملك»... دروشمی پاراستنی موقەدەساتی «نیشتیمان و ئایین» کە ئەمرۆ هەندێک پروپاگەندەی بۆدەکەن پەردەیەکە بۆ ئەستوورکردنی عەقڵی دۆگمائی، بۆ رێگرتن لە بیرکردنەوەو ترس دروستکردن دەرهەق بە هەموو فیکرێکی گومانکار. کێشەی عەلمانییەتی ئێمە ئەوەیە لە نێوان «ئیهانەکردنی ئایین» یان «تەسلیمبوون بە ئایین» رێگایەکی ناوەراستی نەدۆزیوەتەوە. هۆی سەرەکیش ئەوەیە کە عەلمانییەت تا ئێستا بەخودی کولتووری دینی ئیشدەکات. ستراکتوری دینی گرتۆتە خۆی. لە وڵاتگەلی وەک ئێمەدا عەلمانییەت دەشێت تەنیا دەسەڵاتی حیزبێکی نائایینی بێت و هیچی تر، واتە عەلمانییەتێک بێت خۆی تووشی هیچ کێشەیەک نەکات لەگەڵ دین و کۆمەڵگادا، دەسەڵاتێک بێت خۆی شەرع دانێت، بەڵام دەرهەق بەو دیاردەو تەشریعاتانەی لەگەڵ ترادسیۆن و شەرعی دینیدا ناگونجێن پارێزگارو کەمبوێربێت. واتە لەجەوهەردا دەبێت دوو ئاست جیابکەینەوە «عەلمانیکردنی دەسەڵات» شتێکەو «عەلمانیکردنی کۆمەڵگا» شتێکی ترە. کەمکردنەوەی دەسەڵاتی پیاوانی ئایین لە سەروەی هەرەمی دەسەڵاتدا مانای کەمکردنەوەی دەسەڵاتی ئایین نییە لەناو پێکهاتی کۆمەڵایەتیدا. بە پێچەوانەوە دەشێت پیاوانی سیاسەتمەداری مەدەنی راستەوخۆ شوێنی دەسەڵاتی ئایینی بگرنەوە، لێرەوە حوکمرانییەکی ئایینی لە رێگای جۆرە دەسەڵاتێکی مەدەنییەوە بەرێوەبچێت. ئەمجۆرە حوکمرانییە کە حوکمکردنی دینییە بەڵام بەدەست و پلی مەدەنیانە، ترسناکترین جۆری حوکمرانییە. دەوڵەتی عێراقی خۆی نمونەیەکی زەقی ئەم شێوە حوکمکردنەیە، دەسەڵاتی کوردی خۆشمان بێبەش نییە لە هەمان گەمە، گەمەی پیادەکردنی دەسەڵاتی دین بەدەستوپەنجەی گروهی سیاسی دیکە. ئەم جۆرە شوێنگیرییە، کارئاسانییەکی زۆر بۆ نوخبە سیاسییە هەلپەرست و

دیماگۆگییەکان دەکات، لەسەریکەوە بە هێزە مەدەنی و عەلمانییەکان دەڵێن، ئەوەتا ئێمە هێزێکی دینی نین و گەر دەتانەوێت شوێنپێی عەلمانیەت بەهێزبێت، دەبێت پشت و پەنای ئێمەبن و کۆمەکی ئێمەبکەن، بەودیویشدا بەهێزە ئاینییەکان دەڵێن ئێمە لە ئێوە زیاتر نوێنەری ئاینین و لە ئێوە زیاتر بە پیر ئیمان و مزگەوت و وەقف و موقەدەساتەوە دەچین. هیچ جۆرێک لە عەلمانییەت لەمجۆرە نیفاقە سیاسییە سەوزنابێت.

بەڕێزتان دەپرسن ئێمە چۆن دەتوانین فۆرمەلەی پرۆژەیەکی عەلمانی بکەین؟. سەرەتا دەبێت ئەو ڕاستییە بزانین کە عەلمانییەت وەک هەر شتێکی دیکە دەبێت بووبێتە پێویستی. بووبێتە ناچارییەکی کۆمەڵایەتی، ناچارییەک کە کۆمەڵگا لە پێکدادانی ناوخۆیی ڕزگاردەکات. دیارە عەلمانییەت بە ئاسانی نابێتە پێویستی. عەلمانییەت کاتێک دەبێتە پێویستی کە کۆمەڵێک پرۆسە شوێنێکی گرنگیان لە دینامیکییەتی ناوەکی ناو کۆمەڵگادا وەرگرتبێت. لێرەدا بە خێرایی دەستنیشان ڕیزێک پرۆسەدەکەم کە گرنگن بۆ دروستبوونی هەر عەلمانییەتێک.

١. دەبێت بەرهەمهێنانی زانست بووبێتە ئیشێکی ڕۆژانەی نوخبەیەک کە بەردەوام کۆمەڵگا دەخوێننەوەو پێویستییان بە فەزایەکی ئازاد هەیە بۆ درێژەدان بەو کارە، واتە دەبێت زانست و داهێنان بە هەموو شێوەو جۆرەکانیانەوە بووبێتە پێویستییەکی مادی و ڕۆحی. واتە پرسیارەکە ئەوەیە : ئایا زانست و داهێنان بوونەتە دوو هێز کە گەشەی ئابوری و سیاسی و عەقڵی ئێمەیان پێوەبەندبێت؟ ئایا ئابوری ئێمە پەیوەندیەکی لەگەڵ زانستدا هەیە، ئایا سیاسەتمان عەقڵێکی پڕچەک بە مەعریفەی سیاسی دەیبات بەڕێوە. گەر وابوو گەشەی زانست دەبێتە بەشێکی جەوهەری لە گەشەی کۆمەڵگا، کە کۆمەڵگا لە ئاستێکدابوو نەیتوانی مان و نەمانی خۆی لەگەشەی عەقڵی و زانستی جودابکاتەوە، لەو کاتەدا دیالۆگی دین و زانست سیاقێکی تر وەردەگرێت. لە کوردستانی ئێمەدا ئەمڕۆ دیالۆگی دین و زانست بوونی نییە. کە بەڕای من دیالۆگێکی جەوهەرییە لە خولقاندن و گەشەداندا بە خودی عەلمانییەتدا، گەڕانەوەی ڕۆشنبیرە دینییەکان بۆ کولتووری خۆیان و سوودوەرگرتن و ئیلهام وەرگرتن لەو کولتوورە لای ئیسلامییەکان بەهێزترە لە گەڕانەوەی عەلمانییەکان بۆ کەلەپووری فیکری عەلمانی. ئەوەی هەندێ ڕۆشنبیری حیزبی بەناو عەلمانی لەسەر دین و کۆمەڵگا دەینووسن بەشێوەیەک شەرمهێن و نازانستییە هەڵویستی گروپە دینییەکانی دەیانجار بەهێزتر کردووە. لێرەوە هەستدەکەیت هەندێک لەو بەناو عەلمانیانە، هەمیشە شەڕەکە دەبەنە ئاستی دیکە، کاتی خۆی کە هەڵویستی توندی خۆمم دژ بەو شەڕە دەربڕی کە پێیدەگووترێت «شەڕ دژ بە تیرۆر» لەبەرئەوەبوو کە خودی ئەم شەڕە لاوازکردن و شاردنەوەو بێهێزکردنی شەڕی عەلمانییەتە لە کۆمەڵگای ئێمەو مۆتیف بەخشینێکی گەورەو حیساب هەرزانە بە گروهە ئاینییەکان. هێزی ئیفلیج لە ڕووی زانستییەوە ناتوانێت شەڕی عەلمانییەت بکات، گەر کردیشی لەگەڵیدا کۆمەڵگا ڕادەکێشێتە ناو ئاگرو خوێن. شەڕی عەلمانییەت کاتێک وەک ناکۆکی نێوان ئاین و زانست دەکەوێتەوە مانایەکی جیاوازو قووڵتری هەیە لەوکاتەی کە دەبێتە شەڕی دوو حیزب. شەڕی دووهەمیان کەمتازۆر پەیوەندی بە عەلمانییەتەوە نییەو بەکارهێنانی وشەی عەلمانییەت لەم سیاقەدا جگە لە وەزیفەیەکی دیعائیانە هیچی تر نییە.

٢. لە کۆمەڵگای ئێمەدا ئاین ڕۆژانە هەموو قسەکانی خۆی دەکات، هەموو ڕۆژێک لە ڕێگای مزگەوت و دەستگاکانی ڕاگەیاندنەوە، بیروبۆچوونی خۆی دەربارەی پەروەردەو پەیوەندی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی نەوەکان و چاکەو خراپەو ئەخلاق و سیاسەت بڵاودەکاتەوە، بەودیودا تێزەکانی دی و بۆچوونەکانی تر یان بێدەنگکراون، یان بە ترس و لەرزێکی گەورەوە تەعبیر لە خۆیان دەکەن. ئێستاکێ کۆمەڵگای ئێمە دوو دەسەڵاتی تەشریعی تیایە. ناکرێت لەپاڵ بوونی دوو دەسەڵاتی تەشریعیشدا قسە لە عەلمانییەت بکەین. هەر شتێک دوورونزیک پەیوەندی بە ئاینەوە هەبێت، کۆمەڵێک مامۆستای ئایینی فەتوایەکی بەرابەر دەردەکەن، سیاسەتی فەتوادەرکردن مانای بوونی دوو دەسەڵاتی قانونی و دوو دەسەڵاتی تەشریعی، واتە لەسەروو قانونی مەدەنییەوە قانونێکی تر هەیە کە یاسا مەدەنییەکان بەرابەری ئیفلیجن و هیچیان بۆناکرێت. لەسایەی سیاسەتی فەتوا

دەرکردن و دابەشبوونی دەسەڵاتی تەشریعییدا ناکرێت قسە لە عەلمانییەت بکرێت. ئێمە یان کۆمەڵگای فەتوا یان کۆمەڵگای قانونین، ناتوانین لەیەک کاتدا هەردووکیان بین. لەبەرئەوە سەقامگیرکردنی عەلمانییەت پابەندی ڕێگرتنە لە سیستمی فەتوادەرکردن کە قانونێکە لەدەرەوەی قانون.

٣. کۆمەڵگای وەستاوو نەگۆڕ، کۆمەڵگایەکە ئاسان هەموو سیستمێکی دۆگمائی قبووڵدەکات. تا کۆمەڵگا لە گۆڕاندا بێت بەزەحمەت مەرجەعییەتی نەگۆڕ قبووڵدەکات. دیارە مێژووی سەدەی بیست پڕە لەدەوڵەتی عەلمانی تۆتالیتار، ئەمجۆرە دەوڵەتە عەلمانیانە، جیاوازییەکی ئەوتۆیان لەگەڵ حکومەتی دینیدا نییە. بەڵام عەلمانییەتێکی دیموکرات هەردەم هاوشانی کۆمەڵگایەکە توانای گۆڕان و گەشەو پەرەسەندنی لە ئاستێکی باڵادایە. گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی یەکێکە لە پێداویستییەکانی پاراستن و جێگیرکردنی دەسکەوتەکانی عەلمانییەتە. بێهێزی عەلمانییەت نیشانەی بێهێزی پرۆسەی گۆڕانکاری و بچوکی دەسکەوتەکانی ئەو پرۆسەیەیە. گەر دەمانەوێت عەلمانیەت بەهێزبێت، دەبێت لەهەمان کاتدا پرۆسەی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی چالاکتربکەین، چونکە پەیوەندی نێوان گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و عەلمانییەت پەیوەندییەکی دیالەکتیکییە.

٤. گەر کۆمەڵگایەک لە خۆیدا توانای فرەڕەنگبوونی نەبێت، پێویستییەکی گەورەی بە عەلمانییەت نابێت، عەلمانییەت پاراستنی ڕەنگە فیکری و ڕۆحییەکانی ترە، بەڵام گەر کۆمەڵگا ڕەنگی فیکری و ڕۆحی تری بەرهەمنەهێنا، ئەوکات عەلمانییەت دەتوانێت ببێتە پارێزەری چی؟

بەبۆچوونی من دەوڵەتی دینی بەر لەهەر شتێک هەمەڕەنگی ڕۆحی دەکوژێت. دەوڵەتی دینی بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕەهەندی ڕۆحانیانەی دین و گەورەکردنی ڕەهەندە دونیاییەکانی، ئەو ڕەهەندانەی دەیبەنەوە سەر دەسەڵات و سەر هێزی مادی. ئیمان کە دەبێتە ئیمانێکی کۆکراوەو ئاراستەکراو لە ناو دەزگایەکدا، لەبری سۆفی و شاعیر جەنگاوەر و جوندو خۆکوژ دروستدەکات. گەر دەمانەوێت عەلمانییەت لەسەر زەمینەیەکی پتەو فۆرمەلابکەین، دەبێت سەرەتا ڕێگا لەو درۆیە بگرین کە «دەسەڵاتی ئایینی» و «ڕۆحانییەت» پێکەوە گرێدەدات و پێیوایە ئەو کۆمەڵگایانەی لەسەر بنەمای شەرع و ئایین بینانەکراون، خاڵین لە ڕۆحانییەت. بیست و سێ ساڵ دەسەڵاتی جەمهوری ئیسلامی شاعیرێکی ڕۆحانی لە هەناوی ئایدۆلۆژیای دینییەوە دروستنەکرد. چەندەها ساڵ حوکمی تاڵەبان نووسەرێکی ڕۆحانی بەرهەمنەهێنا، من دەمەوێت بڵێم خودی ئیسلامی سیاسی و ئەوانەی پروپاگەندەی بۆدەکەن لەجەوهەردا دژایەتییەکی گەورەی ڕۆحانییەت دەکەن. هەموو ئایدۆلۆژیای دینییەی لەم سی ساڵەدا هەرایەکی سیاسی ناوەتەوە، شاعیرێکی بەئەندازەی سوهرابی سپەهری یان دەجار لەو چکۆلانەتریشی دروستنەکردووە، کە گەورەترین شێوەی ڕۆحانییەتی لەدەرەوەی ئایدۆلۆژیای ئیسلامی بەرهەمهێناوە. مەحوی پێویستی بە حوکمی ئایینی نەبووە بۆئەوەی ببێتە ڕۆحانی. بەڵام ئەمڕۆ هەندێک کەس هەن دەیانەوێت ڕۆحانییەتی مەحوی بکەنە هۆکارێک بۆ بەهێزکردن و مەنتیقیکردنی بنەما کۆمەڵایەتی و فیکرییەکانی ئیسلامی سیاسی. بەڕای من تاوانێک نییە دەرهەق بە مەحوی و ڕۆحانییەت لەوە گەورەتر. ئەوانەش کە دەیانەوێت ڕۆحانییەت لەسەر کولتوورو فەرهەنگێک تاپۆبکەن، دەڵێن ئیسلام ڕۆحانییەتەو خۆرئاوا ناڕۆحانییە، جگە لەوەی مێژووی هەردوولا دەشێوێنن هیچی دی ناکەن. ئەوەی ڕۆح دەکاتە موڵکی هەندێک کولتوورو لەوانی دیکەی قەدەغەدەکات، لە قووڵاییدا سوکایەتییەکی گەورە بەمرۆڤ دەکات. ئەم بۆچوونە جیاوازی نییە لە هەر تیۆرییەکی ڕاسیستی دیکە کە عەقڵدەکاتە سیفەتی هەندێک ڕەگەزو گەمژەیی دەکاتە سیفەتی هەندێک ڕەگەزی دیکە. ڕۆحانییەت موڵکی ئیسلام نییە، بەڵکو موڵکی کۆی مرۆڤایەتییە، لەهەر شوێنێکدا مرۆڤ و شارستانییەت هەبوو ڕۆحانییەتیش هەیە. بەدرۆخستنەوەی ئەم ئەفسانەیە، یەکێکە لەو مەرجانەی عەلمانییەتێکی مرۆڤدۆست دەبێت لەسەری بوەستێت.

ئیدی زۆر بەکورتی و هێندەی ئەم دەرفەتە بچوکە ڕێگامەدەدات، ئێمە کاتێک دەتوانین باس لە فۆرمەلاکردنی پرۆژەیەکی عەلمانی بکەینەوە کە کۆمەڵگایەک بێن زانست و پێداویستییەکانی بەرهەمهێنانی شوێنێکی گرنگیان

له دونیای ئێمەدا وەرگرتبێت، کۆمەڵگایەکبین لۆژیکی فەتوادەرکردن ئیفلیجینەکات و قانوونێکی دی لەسەرو قانونەوە نەچاندبێت، کۆمەڵگایەک بین میکانیزمییەتی ئیشکردنی ناوەکیی ڕوو لە گۆڕان بێت، نەوەک لەوەستان. ڕۆحانییەت و دەسەلاتی حیزبە دینییەکان تێکەڵاوی یەکتر نەکات و توانای وەلامی ئەو ئەفسانانەی هەبێت کە ئەم گروپانە لەسەری وەستاون و ئیشی پێدەکەن. بەوەدا ئەو هێزە عەلمانیانەی ئەمڕۆ بەناوی عەلمانییەتەوە دەستبەکارن، نە توانای بەگەڕخستنی زانستیان هەیەو نەدەرکیش بە گرنگی دەلالەتەکانی دەکەن، نەتوانایان هەیە بەر بە تەشریعی دینی بگرن کە ئێستا بە لۆژیکی فەتوا کاردەکات، نە لەخزمەتی پرۆسەیەکی گۆڕانکاردان کە لە شوێنە جیاوازو کایە جیاوازەکاندا شێوەی دیکەی ژیان بهێنێتە پێشێ، نە توانای ڕووبەڕوبوونەوەی ئەو ئەفسانانەشیان هەیە کە حوکمڕانی دینی پایەکانی خۆی لەسەر ڕادەگرێت. تاکە ڕێگایەک بۆ چەسپاندنی عەلمانییەت ئیشکردنی عەلمانییەتە لەسەر دونیابینی خۆی و نوێکردنەوەی.

**تێبینی:**

**بەبێ وەرگرتنی ڕەزامەندی نوسەر هیچ کەسێک یان دەزگایەک مافی لەچاپدانەوە و بلاوکردنەوەی ئەم بابەتەی نییە.**